# سەفەرێ بۆ بناری دڵەی دایە

ڕێناس جاف
renascaf@yahoo.com

جەخار جەخار
نە دڵ دڵەکەی جارانە
و
نە یار یارەکەی پار.
هیچ دیار نییە، هیچ
نە شەقامێ ،نە کۆڵانێ
نە دڵێ و نە دڵستانێ
نەختولەیەک شێوەی تۆی تیا بەدی بکەم.
جوان لە بیرمە
بۆت نووسیبووم
سەردەمێ دێ
دڵ ئەوەندە بێ سۆز ئەبێ
مرۆ پەنا ئەبا بۆ کەڤر
بەرد ئەدوێنێ
و
بۆکڕووزی دڵی کەڤریش
شەقار شەقار ئەکا ئاسمان.
ئەتوت ئەو دەم
وەرزی پەڵەی دڵ ئەگات
و
دایئەداتە سۆز بارانێ ئەم هەرێمە.
من ئێستاکەچاوم لێتە
لەو سەری سەری سەرەوە
بە یەک نیگا
پرشنگی ڕۆحم تێ ئەگری
و
دوور بە دوورێ
سەیرۆک بە سەیرۆک ئەمگێڕی.
من ئێستاکە بەسەر باڵی هەورانەوە
بەرەو لات دێم تا پێت بگەم
کەچی هەتا هەواری نوێ ئەبڕم
هەر پێم وایە
هەوار، هەوارە کۆنەیە.

له دووری دووری دوورەوە
چاوم لێتە دەستێکم بۆ ڕائەدەیت
و
ئەڵێی دابەزە، دێمەوە لات.
کە هاتمەوە ، بەڵێنت دەدمێ گیانە
بە دیاری بۆت بێنم یارێ
گشت سۆزێکی ئەم ژیانە.

تاران

27 ی خەزەڵوەری 2706 ی کوردی